دڵسۆز عوبێد:

# ئاواتم ئەوەیە ئاڵای کوردستان شان بەشانی ئاڵاکـــــ

دیمانە: کارزان کانەبی






**دڵسۆز یەکێکە لە یاریزانە کچە بەتواناکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانیە، دڵسۆز بە ئاستەبەرزەکەی سەرنجی زۆربەی یانەکانی عێراقی ڕاکێشاوە، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی پیرەمەگروونی سەر بە شاری سلێمانییە، ناوبراو قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی ئێمە لە دەرفەتێکدا لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

***چۆن بوو، هاتیتە نێو دنیای یاری گۆڕەپان ومەیدان؟**

- لەرێگای فیســـتیڤاڵی خوێندنگاکانەوە ئاشنای یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بووم لە کۆتاییەکانی ســـاڵی ٢٠١٠، چوومە ریزی یانەی ســـەرچنار و پاشان بۆماوەی یەك ساڵ ڕووم کردە یانەی پێشـــمەرگەی هەولێروئێســـتاش گەڕاومەتەوە سلێمانی و یاریزانی یانەی سیروانی نوێم.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان ومەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- لەم چەند ســـاڵەی ڕابردوودا یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان ئاســـتێکی بەرچاوی لەبەرەو پێشـــچوون بەخۆیەوە بینیوە، ئێســـتا یەکێتی گۆڕەپان ومەیدان گرینگی باش بەم یارییە ئەدات و پاڵەوانێتی لەســـەر ئاســـتە جیاوازەکان دەکەنەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕەپان ومەیدان بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە ببینێت.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە سلێمانی چۆنە؟.**

- لە شـــاری هەڵمەت و قوربانی گۆڕەپان ومەیدان پشـــکی شێری بەرکەوتـــووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر یاریزانی کچ و کوڕ لە هەر یەکە لە یانەکانی سیروانی نوێ و پێشـــمەرگە و ئەفرۆدێت هەن کە زۆربەیان خاوەنی ژمارەی پێوانەیی کوردســـتانن و ئەنجامیان لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەشدا هەیە.

***پێت باشە چی بکرێت،بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان ؟**

- کردنەوەی یاریگایەکی تایبەت بە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان بەتایبەتی لە شـــاری ســـلێمانی چونکە تاکو ئێستا یاریگایەکی تایبەتمان نییە تاکو بتوانین ڕۆژانە بێ ئەوەی پاڵەپەســـتۆی کەســـمان لەســـەر بێت ڕاهێنانەکانمان ئەنجام بدەین، دانانی بەرنامەیەکی ساڵانەی پێشوەخت بۆزانینی کات و شوێنی پاڵەوانێتیەکان وەکو یاری تۆپی پێ هەروەها کردنەوەی پاڵەوانێتی زیاتر تاکو یاریزانان زیاتر دەربکەون.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزان ؟**

-لەســـەر ئاستی کوردســـتان خاوەنی هەردوو ژمارەی پێوانەییم لە ڕاکردنی ١٠٠مەتری بەربەســـت و بە خێرایی ١٥,٥٣چرکە، سێ باز ١١,٤مەتر کە ساڵی ٢٠١٢تۆمارکردووە لە پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان لە شاری هەولێر، هەروەها یەکەمی هەردوو یارییەکەم لەسەر ئاستی عێراقیش، خاوەنی مەدالیای بڕۆنزم لە پاڵەوانێتی عەرەب.

***لەئێستادا بەرنامەت چییە وەکو یاریزانێك ؟**

- لـــە خۆئامادەکردندام بۆپاڵەوانێتی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق بۆســـاڵی ٢٠١٣کەوا بڕیارە لە شـــاری بەغدا لە ٢٣ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت، هەروەها بۆپاڵەوانێتی یانەکانی عێراق کە بڕیارە مانگی ٤بەڕێوەبچێت لە شاری بەغدا.

# انی وڵاتانی جیهان بشەکێنمەوە



***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییەدا ؟**

- تەنیا کێشەی ئێمە نەبوونی یاریگایەکی تایبەتە بە گۆڕەپان ومەیدان چونکە ناتوانین وەکو پێویست مەشقەکانمان ئەنجام بدەین بە سوپاسەوە هەردوو یانەی سلێمانی و پێشمەرگە کە بەردەوام دەرگای یاریگاکانیان بەڕوومان کراوە بووە وەکو یاریزانان.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە ؟**

- برایەکیشم یاریزانی کاراتێیە وخاوەنی پشتێنی ڕەشە .

***خانەوادەکەت لە وەرزش کردنت، ڕێگریت لێ ناکەن؟**

-نەخێر، سوپاس بۆخانەوادەکەم بەتایبەتی باوکم و دایکم زۆر هاوکارو یارمەتیدەرمن و هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن تاکو بەردەوام بم لە وەرزش و بگەمە لوتکە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

- وەکو کچە یاریزانێکی کورد ئاواتم ئەوەیە بتوانم بەشداری ئۆلۆمپیاد بکەم و ئاڵای کوردستان شان بەشانی ئاڵای وڵاتان بەرزبکەمەوە بەشانازییەوە.

***وەرزش کردن ڕێگریت لێ ناکات لە خوێندنت؟**

- نەخێر بگرە لە ڕێگای وەرزش کردنمەوە توانیومە بچمە ئەو بەشەی کە حەزی چەند ساڵم بووە کە ئەویش بەشی وەرزشە لە کۆلێژەکەدا وەکو پاڵەوانێك وەرگیراوم کە ئێستا لەگەڵ وەرزشەکەمدا خوێندنەکەشم دەکەم.

***هیچ یانەیەك داوای لێ کردووی یاری بۆبکەی؟**

- چەند یانەیەك لە کوردستان و عێراق داواکارییان خستۆتە بەردەستم،بەڵام تاکو ئێستا چوونم بۆهیچ کام لەم یانانە ئاشکرا نەکردووە.

***دوا پەیڤت چییە بۆگۆڤارەکەمان؟**

- زۆرسوپاسی گۆڤارە خۆشەویستەکەتان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە هیوادارم ئەمە دوا دیدارتان نەبێت لەگەڵ یاریزانانی گۆڕەپان ومەیدان، لێرەوە سوپاسی ڕاهێنەر مامۆستا سیروان حامید دەکەم کە ماوەی دووساڵە لەگەڵم ماندوو بووە تاکو منی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی ئێستا خۆم لە هەڵبژاردەی عێراق دۆزیوەتەوە.

# سلێمانی یاریزانێکی ئۆگەندی پەلکێش دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی لە قۆناغی دووەم، دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی لە هەوڵی بەهێزکردنی یانەکەی شان بەشانی یانەکانی تری عێراق، لە ئێستاشدا یانەی سلێمانی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی بەرەگەز ئەفەریقی ئۆگەندی سولای یاریزانی پێشووی هەولێر مۆرکردوە بەبڕی ٤٠هەزار دۆلار بۆیەك وەرز یاری کردن لەریزی یانەی سلێمانی لەم بارەشەوە، مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی وت: ئێمە ئەم وەرزە چاومان لەوەیە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین و لەگەڵ ڕاهێنەری یانەکەمان لە هەوڵی ئەوەین ئاستی تیپەکەمان بەرز کەینەوە، گرێبەستمان بەبڕی ٤٠هەزار دۆلار لەگەڵ یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر(سولا ماتۆڤۆ مالودا) ئەنجامداوە بۆئەوەی لە قۆناغی دووەم درێسی یانەی سلێمانی بپۆشێت، وتیشی هێنانی ئەم یاریزانە خزمەتێکی باش بە یانەکەمان دەکات لەم وەرزەو جگە لە گرێبەستەکەی مانگانە یانەی سلێمانی ٣٠٠دۆلار و وەك موچە بەم یاریزانە دەدات بۆخەرجی ڕۆژانەی وتیشی هەوڵی بەردەوام دەدەین چەندین یاریزانێکی بەناو بانگ لە یانەکانی پایتەختی عێراق پەلکێشی یانەکەمان بکەین.






## ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر چەند خولێک دەکاتەوە

بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتر بە چینی لاوان لەسەر ئاستی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر لەسەرەتای مانگی دوو چەند خولێکی فێربوون دەکاتەوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا دلشاد هیرانی بەرێوەبەری ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر وتی: لەسەرەتای مانگی دوو چەند خولێکی فێربوون بۆ لاوان لەسەر ئاستی کوران و کچان دەکەینەوە بەشێوەیەکی خۆرایی، خولەکانیش بریتین لە کۆمپیوتەر و دوورمان و سەرتاشین و زمانی ئینگلیزی و موسیقا.

لە درێژی قسەکانیدا دلشاد هیرانی گوتی: شانبەشانی ئەم خولانە چەندین خولی وەرزشی بۆ لاوان دەکەینەوە لەسەر ئاستی یارییەکان بۆ ئەوەی چینی لاوان بتوانن سوود لەم جۆرە خولانە وەربگرن و ئاستییان پێش بکەوێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا دلشاد هیرانی وتی: هەر لە ڕۆژی پێنجشەممە دەتوانن ناویان خۆیان لە ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر بنووسن، کە دەکەوێتە دوای ماجیدی مۆل.

جێگەی باسە ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر هەموو مانگێك چەندین خول لەسەر ئاستی کوران و کچان بەشێوەیەکی خۆرایی دەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆری چینی لاوان روو لەم ناوەندە دەکەن.

# ڕۆناڵدۆ: پەرۆشی گەڕانەوەم بۆ یـ

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی ریال مەدرید دەڵێت، ریال دەرفەتی بردنەوەی زیاترە، کاتێك ڕووبەڕووی مان یونایتد دەبنەوە لە قۆناغی ١٦ ی جامپیۆنزلیگ، هەروەها ناوبراو بە پەرۆشە بۆ گەڕانەوە بۆ یاریگای ئۆڵد ترافۆرد.

ڕۆناڵدۆی پرتوگالی لە سالانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٩، یاری بۆ یانەی مان یونایتد دەکرد، پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە ریال مەدرید. ناوبراو لە قۆناغی ١٦ ی جامپیۆنزلیگ ڕووبەڕووی یانەی پێشووی دەبێتەوە، ڕۆناڵدۆ رایگەیاند، یانەی مان یونایتد یانەیەکی بەهێزە، بەڵام ریال مەدرید دەرفەتی سەرکەوتنی زیاترە




## ئەنێستا:
## بەرشلۆنە تەنیا میسی نییە

میسی لە ساڵی رابردوو توانی ژمارە پێوانەیی گێرد مۆلەری ئەڵمانی بشکێنێت دوای ٤٠ ساڵ، بە تۆمارکردنی ٩١ گۆڵ لە ساڵێکدا، لەمبارەیەوە ئینیێستا دەڵێت: ئەوەی لیۆنێل مێسی بەدەستی دەهێنێت، پێوەندی هەیە بە یاری بە کۆمەڵ، بە بڕوای من یانەی مەزن پێکدێت لە چەند یاریزانێکی مەزن، کە لە یارییەکان ئاستی خۆیان پێشکەش دەکەن، بەرشلۆنە باشترە کاتێك لیۆ یاری دەکات، هەروەها لیۆ باشتر یاری دەکات لەگەڵ بەرشە، تۆپی پێ وەرزشێکی تاکە کەسی نییە، تۆپی پێ یاری بە کۆمەڵە، یاریزان دەتوانێت ئاستی بەرز پێشکەش بکات کاتێك یانەکەی ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات، من باشتر یاری دەکەم کاتێك لیۆ لەگەڵمانە، هەروەها لیۆ باشتر یاری دەکات کاتێك ئێمەی لە پشت بێت.

جێگەی باسە لیۆنێل مێسی لە ساڵی رابردوو توانی بۆ چوارەم جار ببێتە باشترین یاریزانی جیهان، کە پێشتر هیچ یاریزانێك ئەم دەستکەوتەی نەبردۆتەوە، بەڵام ئەستێرە ئەرژەنتینیەکە لەکاتی بەدەست هێنانی تۆپی زێڕین وتی، ئینیێستا شایستەی ئەم خەڵاتە بوو، بەڵام ئینیێستا رایگەیاند تۆپی زێڕین دراوەتە باشترین یاریزان، کاتێك وتی «من دڵخۆش بووم کاتێك مێسی ئەو قسەیەی کرد، بە تایبەتی پێکەوە بۆ یەك یانە یاری دەکەین، کە دەمێکە دەیناسم، شتێکی خۆش بوو بۆ ئەو، هەرچەندە ئێمە پێکەوە هەڵبژێردرابووین بۆ خەڵاتەکە، بەڵام من ئەوم بە ڕکابەر نەدەزانی، ئەو هاوڕێمە، من هێندەی مێسی دڵخۆش بووم کاتێك خەڵاتەکەی بردەوە.



# سیسیکۆ
# نزیکە لە یانەی ڤیرۆنتینا

یانـــەی فیۆرینتینـــای ئیتاڵی، لەســـەر ماڵپـــەڕی فەرمی خۆی ڕایگەیاند، بەفەرمی دەســـتیان بە گفتوگۆکردن کردووە لە گەڵ یانەی پاریس ســـانگێرمانی فەڕەنسی، بەمەبەســـتی ئیمزاکردنی بۆندێکی کاتی لەگەڵ محەمەد سیســـۆکۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاســـتی یانە پاریسیەکە.

یاریزان سیســـۆکۆ لە وەرزی ٢٠١١ لە یانەی یوڤنتوسەوە پێوەندی بە یانە پاریســـیەکە کردووە. تا ئێستا ٣٠ یاری لە خولی فەڕەنسی بۆ ئەم یانەیە کردووە.

یانـــەی فیۆرینتینـــا بـــۆ زیاتر بەهێـــز کردنی پێکهاتەکـــەی، دەیەوێت بە گرێبەســـتێکی خواســـتن و بۆ ماوەی پێنج مانگ ناوبراو بگوازێتـــەوە ریزی یانەکەی، لەگەڵ مافی نوێکردنـــەوەی بۆندەکەی لە کۆتایـــی وەرز، چونکە ئەم یانەیە چاوی لە بەشداری کردنی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپایە لە وەرزی داهاتوو.

هەروەها یانەکـــە ڕاشیگەیاند، گفتوگۆکان بـــەرەو باشـــی دەچێت و ڕەنگـــە چـــۆرە ڕێککەوتنێکی پێوە دیاربێت.



## ـــــــاریگەی ئۆڵترافۆرد

لە یاریەکە.

ڕۆناڵـــدۆ لـــە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤـــاری فەرمی جامپیۆنزلیگ وتی:بەڕای من ریال مەدرید پێکهاتەی بەهێزترە، بەڵام پێویســـتە ئەمە لە ناو یاریدا بیســـەلمێنین، چونکە مان یونایتد یانەیەکی یەکگرتووە، ئەوان یانەیەکن هەردەم ئاســـتیان بەرزە، هەموو ساڵێك ئاستیان لە لوتکەیە، یاریەکی زۆر زەحمەت دەبێت، بە تایبەتی لە ناو مانچســـتەر، یـــاری ناو ئۆڵدڕافۆڕ یاریەکی پڕ هەست دەبێت بۆ من، من لەو یاریگایە یاریم کردووە بۆ شەش ساڵ، زۆر هاوڕێم هەیە لەوێ.



## جۆهارت: دێربی مانچستەر دەبێتە هۆکاری دەستنیشانکردنی پاڵەوانی خولی ئینگلیزی

جۆهارت گۆڵپارێزی یانەی مان ســـتی لـــەو بڕواییەدایە، کە نازناوی پرێمەرلیگ یەکلایی نەبۆتەوە، ســـەرەڕای ئەوەی بە نۆ خاڵ دوای مان یونایتدی پێشەنگ دێن، هەروەها دەڵێت پێویستە ئاســـتمان بەرەو پێش ببەین.جێی باسە وەرزی ڕابردوو یانەی مان ســـتی بە هەشـــت خاڵ دوای مان یونایتد بـــوون، بەڵام لە دوا یاری توانیان نازناوی پرێمەرلیگ بەدەست بهێنن، هەروەها هێشتا دوو یانەکەی شـــاری مانچستەر بەیەك نەگەیشتوون لە جەولەی دووەمی پرێمەرلیگ، کە گۆڵپارێزەکە بە هیوایە وەك ساڵی ڕابردوو بتوانن ســـەرکەون بەسەر مان یونایتد، کاتێك وتی «بێگومان ئێمە هـــەر هیوامان ماوە بە نازناوەکە، بە ڕای من یاری نێوانمان بڕیار دەدات کـــێ پاڵـــەوان دەبێت بۆ ئەم وەرزە؟ ئـــەوان دەزانن ئەگەر لە یارییەکان ئاســـتێکی بەرز پێشکەش بکەن دەرفەتیان زیاتر دەبێـــت، بەڵام ئێمە هەردەم لێرەین بـــۆ ڕکابەری. لە یاری بەرامبەر لیڤەرپـــول، ئەگوێرۆ توانی خاڵێکی گرنگ بۆ یانەکەی بەدەســـت بهێنێت، کاتێك لە خولەکەکانی کۆتایی گۆڵی یەکسان بوونی تۆمار کرد، لە هەڵەیەکی پیپی ڕینا گۆڵپارێـــزی لیڤەرپول، هەروەها جۆ هـــارت لە خولەکەکانی کۆتایی، گۆڵی یانەکەی پاراست لە هێرشێکی ستۆریچ، هارت دەربارەی ئەنجامی یاریەکە وتی:دەتوانین بڵێین ئەمە ئەنجامێکی بـــاش بوو بۆ ئێمـــە، یارییەکی بەهێز بوو، ئێمە پێویســـتیمان بە بردنـــەوە هەبوو، بەڵام تا خولەکەکانی کۆتایـــی لە دواوە بووین، بەڵام ســـێرجیۆ توانی ڕزگارمان بکات لە دۆڕاندن، سێرجیۆ زۆر دەرنەکـــەوت لە یاریەکە، بەڵام ئەو هێرشـــبەرێکی مەزنە، هەردەم گۆڵەکانی یەکلایی کەرەوەن.

# بەناوبانگترین ٩ هـ

یانەی ریال مەدرید یەكێكە لە یانە هەرە گەورەكانی جیهان و ئەوروپا، بەهۆی ئەم هەموو دەسکەوتانەی كە بەدەستی هێناون چ لە سەدەی ڕابردوو چ لەم سەدەیە، شوێنی خۆی لە دڵی ناودارەكان كردۆتەوە لە هەموو بوارێك، بۆیە لە گشت بوارەكان جەماوەرێكی یەكجار زۆر هاندەری ئەم یانەیە، كە ئەوانیش ئەستێرەن لە بوارەكانی خۆیان.

**١-ئەنتۆنیۆ باندێراس**

ئەستێرەی بەناوبانگی ئیسپانی لە بواری سینەما، ئەنتۆنیۆ باندێراس یەكێكە لە هەوادارانی یانەی ڕیال مەدرید، ئەنتۆنیۆ یەكێكە لە ئەستێرە بەناوبانگەكانی ئیسپانی لە بوارەكانی گۆرانی وتن و سینەما و دەرهێنەر.

**٢- پینیلۆپی كروز**

یەكێكە لەو ئەستێرە بەناوبانگە ئیسپانیانەی كە تازە ناو دەردەكەن لە هۆلیوود، پینیلۆپی كە ئێستا تەمەنی ٣٦ ساڵە، هەرچەندە پینیلۆپی زۆر سەیری تۆپی پێ ناكات، بەڵام یەكێكە لە هاندەرە سەرسەختەكانی یانەی ڕیال مەدرید.

**٣- ڤیگۆ مۆرتینسین**

ڤیگۆ یەكێكە لەناودارەكانی هۆلیودەوە جەماوەرێكی زۆری هەیە لەم بوارەدا، ڤیگۆ جگە لەوەی ئەكتەری سینەماییە وە دەستی وێنەكێشان و وێنەگرتن و هۆنراوە دانان و مۆسیقاشی هەیە، ڤیگۆ كە ئێستا تەمەنی ٥٢ ساڵە و هاوسەری هونەرمەندی ئەمریكی ئیكسن سێرڤینكایە، بۆ تۆپی پێ ڤیگۆ هەر هاندەری ڕیال مەدریدە و بە خۆشەویسترین یانەی لەلای خۆی دادەنێت.

**٤- جۆلیۆ ئیگلاسس**

ئەستێرەی ئیسپای جۆلیۆ یاخو خۆلیۆ ئیگلاسس كە بە گۆرانی وتن و دانانی هۆنراوە ناوبانگی دەركردووە، ئێستا بەیەكێك لە درەوشاوەترین ئەستێرەی جیهانی دادەنرێت لە بوارەكەی خۆی. لە بواری وەرزشیشەوە پێشتر گۆڵچی یانەی ڕیال مەدرید بووە بەڵام بەهۆی ڕووداوێكی ئۆتۆمبێل بە یەكجاری وازی لەوەرزش هێناوەو چۆتە بواری هونەرەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێستا خۆشەویستی یانەی ڕیال مەدریدی لە دڵە، هاندەرێكی سەرسەختی ئەو یانەیە.



# ـــــاندەری ڕیال مەدرید

### ٥- یۆساین بۆڵت

ڕاکەری جامایکی یۆســاین بۆت کە بە خێراترین یاریزان دادەنرێت لە سەر ئاستی جیهان، کە خاوەن ژمارەی پێوانەییە لە ڕاکردنی ١٠٠ مەتری بە (٩,٥٨) چرکەوە خاوەنی میدالیایی ئۆلەمپیە لە هــەردوو ڕاکردنی ١٠٠-٢٠٠ مەتری، هاوڕێی نزیکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە هێرشبەری یانەی ڕیال مەدرید، هاندەرێکی سەرشێتی ئەو یانەیەشە.

### ٦- شاکیرا

باوەڕناکەم هەرکەسێ سەیری تۆپی پێ بکات ئەو بەهرەمەندە نەناســێت کە ئەستێرەیەکی دیار بوو لە جامی جیهانی ٢٠١٠ ی باشــووری ئەفریقا، بــە یەکێ لەبەهرەمەنــدە هونەرییە دیارەکانی جیهان دەناســرێت چ لە ڕووی گۆرانی وتنەوە یان هۆنراوە دانان یان سەماکردن یانیش میوزکژەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرۆژەی خێرخوازی هەیە لە جیهاندا.

شاکیرا ئێســتا هاوســەری بەرگریکاری یانەی بەرشلۆنە جیرارد پێکیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یانە سەرەکیەکەی ڕیال مەدریدە کە بە پلە یەك خۆشەویستی بۆی هەیە.

### ٧- تۆم کروز

یەکێکە لە ئەســتێرە دیارەکانی هۆلیوود بەشــداری لە چەند فلیمێك کردووەو ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە، ئێستاش کاری نواندن و بەرهەم هێنانی هونەری دەکات، تۆم هاوڕێیەکی نزیکی دەیڤد بێکهامی یاریزانی پێشــووی ڕیال مەدریدە، بەو هۆیەوە تا ئێستا تــۆم هەر هاندەری ڕیالەو بە خۆشەویســترین یانەی دەزانێت لە جیهاندا.

### ٨- رافایێل نادال

لە ئێستادا یەکێکە لە بەناوبانگترین یاریزانی تێنسە لە جیهاندا، لە ســاڵی ٢٠٠٨ سەرسامی خۆی بۆ یانەی بەرشلۆنە دەربڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا یانەی ڕیال مەدریدی پێ باشترە و هانی ئەو یانەیە دەدات و لە زۆربەی یارییە گرنگەکان ئامادە دەبێت.

### ٩- سێرجیۆ گارسیا

ســێرجیۆ توانی زیاتر لە ٣٠٠ هەفتە لە لیســتی باشــترین یاریزانانــی گۆلف بێت لە ســاڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٩، ســێرجیۆ ئێســتا تەمەنی ٣١ ساڵە، یەکێکە لە هەوادارنی ڕیال مەدرید و خۆشەویسترین یانەیە لای ئەو.

